www.kurdistannet.org
2006-10-17 20:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چۆن خۆمان ئامادە بکەین بۆ بەرەو ڕوبونەوەی بڕیاری ئیعدامکردنی سەدام لە 2006-11-5 ... عەلی مەحموود محەمەد

2006-10-10



دیارە کەیسی ئەنفال لە ئێستادا ئەو بەشەی پەیوەندی بە دادگاوە هەیە زۆر لق و پۆپەی لێدەبێتەوە، چارەنووسی کچان و منداڵانی ون بوو "18 پاکیزەکەی میسر و.. "، دادگاییکردنی تاوانکاران کە خۆیان لە (بەشێك لە سەرەك جاشەکان "نەك هەموو"، بڕوا پێکەرانی ئەمن و ئیستخبارات، ئەو پێشمەرگانەی هاوڕێیان و هاووڵاتیانیان شەهید کرد یان تەسلیمکردەوە بۆ ئەوەی لێیان ببورن) . دادگاییکردن و شایەدی و قسەو باسی هەر توێژێك لە مانە گرنگە، هیوادارم بڕیارەکەی بەرەی کوردستانی لێرەش لێمان قیت نەبێتەوە وەك قارچك، هەرچەندە ئەو بڕیارە لە لێبوردن تێی پەڕاند، بوو بە کەڵەگا کردنی ئەوانە نەك لێبوردن لێیان، لێبوردن بەزەیی پێهاتنەوەیە، وەلێ ئەوانە ئەمڕۆ هەموو خاوەند پلەو پایەو دیوەخان و پێگەی شیاون.

دادگاییکردنی سەرانی ڕژێم لەسەر ئەنفال بەردەوام بێت سەرەداوی گرێی هەموو تاوانانە دەکاتەوە، هەموو نهێنییەك ئاشکرا دەکات، ونبوانمان بە جیهان دەناسێنێت، تاوانکارانیش وردە وردە سەر تاپایان پەلکێشی دادگا دەکرێن، کەسیش لەوانەی تێوەی گلاون لەو سەرەوە ڕزگاری نابێت لە دادپەروەری، لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرنگە بەردەوامیدان و بەردەوامبوونی دادگاییەکەیە لە پای یەك بە یەکی تاوانەکان، جەنگی دادپەروەری بەزەیی و ڕەحم بە کەس ناکات جگە لە هەق، ئێمەش لەبەر ئەوەی هەقمان خوراوە ئەوا تەنها لە ڕێگەی دادگاوە مافە خوراوەکەمان بۆ دەگەڕێتەوە.

هەربۆیە لەم کاتەدا دەبێت هەموو تواناکانمان لە پێناو بەردەوامی و درێژەدان بە پرۆسەی دادگاییکردنەکە بێت لە بەغدا، نەك خۆ خەریککردن بە لق و پۆپەکانی ئەنفالەوە، هەرچەندە ئەوانیش گرنگن و بەشێکن لە پرۆسەکە، پێویستە لەم لەحزەیە هەموو لقەکان بە ئەسڵەوە ببەستین، دەبێت دادگاییکردنی جاشەکان و چارەنووسی بێسەروشوێنکراوان بە پرۆسەی دادگاییەکەی بەغداوە ببەستین، واتا ئیشی گەورە لەم قۆناغە لەسەر ئەسڵ بکرێت نەك لق و پۆپە، لق و پۆپە بە جەستە گەورەکەوە ببەسترێتەوە بۆ ئەوەی بەری هەبێت، لە زووەکەوە بیستومانە ڕاوەستان لە نیوەی ڕێگا مەرگی هەر بزووتنەوەیەکە، هەر بۆیە ڕاگرتنی پرۆسەی دادگاییکردنەکە لە نیوەی ڕێگا، مەرگی دۆزەکەیە، زیندە بەچاڵکردنی کوردە بە زیندوو و مردووەوە، بە قوربانی و ڕزگاربووەوە.

لە هەفتەکانی داهاتووی ئەم مانگە، بڕیارە دوا بڕیار لەسەر کەیسی تاوانی دوجەیل بدرێت، بە دوایدا جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لەسەر تاوانکاران دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە.

لێرەوەیە پرسیارەکان سەر دەردێنن و ئێمەش خۆمان بۆ وەڵامدانەوەو مەترسی و ئەگەرەکانی ساز و ئامادە نەکردووە، ئەویش ئەوەیە ئایا سەدام و بەرزان تکریتی دوای ئەو بڕیارە ئیعدام دەکرێن و دەبڕێتەوە؟ ئەی کەیسەکانی کورد بە چی دەگەن؟، کورد لە مەشدا لە تۆڵە سیاسییەکە لە تاوانکاران هیچی بەر ناکەوێت؟.

ڕاستە ئیعدامکردن وەك تۆڵەی سیاسی لە تاوانکاران گرنگە بۆ ئەو تاوانە، وەلێ لەوەش گرنگتر بڕیارەکانی دادگا و درێژە دانە بە پرۆسەکە، نابێت ئەو درووشمەمان لە یاد بچێت بڕیاری ئیعدام لە سێدارەدانی دادوەرییە.

ئێمە دادگایەکی دادپەروەرانەمان دەوێت بۆ تاوانکاران، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دادپەروەرییەوە مافەکانمان بۆ بگەڕێتەوە.

درێژەدان بە دادگا بە بێ ئامادەیی تاوانکارانی سەرەکی ئەو گرنگییە سیاسی و یاساییەی نابێت کە ئێمە دەمانەوێت، قوربانیان هەست بە تۆڵەسەندنەوە دەکەن کە دەبینن سەدام لە بەردەمیاندا لە ناو قەفەسی تاوانبارییە، کە ئەوان ئامادە نەبن دادگاییەکە هەیبەتی ئێستای نامێنێت، هەموو ئەم تاوانکارانە بە بەرزان تکریتییەوە لە هەمبەر تاوانی دوجەیل و ئەنفال ئیعدام بکرێن، پرۆسەی دادگایی هەڵەبجە و بارزانی و فەیلی و تەعریب نرخی ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست دەدەن، هەموو کات دادوەری بە بوونی تاوانکار و پاراستنی مافەکانییەوە ڕەوایەتی زیاتری هەیە.

لەوانەیە زۆر وڵات و ناوەند و کەس بە پرۆسەی دادگاییکردنەکە گیانیان بلەرزێت و خواخوایان بێت زوو کۆتایی پێ بێت، تاکو لە سکانداڵەکانی ڕزگارییان بێت، وەلێ ئێمەی کەس و کاری قوربانیان و ڕێکخراوەکانی ژینۆساید و مافی مرۆڤ، پێویستە لەگەڵ درێژەدان بە پرۆسەی دادگاییکردنەکە بین تاکو گەیشتنی بە دوا ئامانج و مەنزڵگای خۆی، دادگا تاکو کارکردن لەسەر دوا تاوان پێویستە بەردەوام بێت، بازدان بەسەر هەر یەکێك لە تاوان و فایلەکان، یانی جارێکی دیکە سەر لەنوێ کوشتنەوەی خودی قوربانییەکانە.

ئەوەی وا دەکات ئەنفال و کیمیابارانکردن دووبارە نەبێتەوە، گێڕانەوەی چیرۆکی قوربانیانە لە بەرامبەر جیهان، نەك پەتی سێدارە، ئەو چیرۆکە سادانەی قوربانیان هەموو جیهانی هەژاندووە، ڕۆژ نییە هەواڵی یەکەمی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەرتاپای جیهان نەبن، دەبێت لە ڕێگای دادگاوە تەواوی بیری ناسیۆنالستی عەرەبی دادگایی بکرێت، نەك تەنها شەش تاوانکار، سەدام ڕاستیکرد وەلێ سیاسییەکانی کورد هێشتا لێی تێنەگەیشتوونە کە وتی: سەلماندنی ئەمانە بە ژینۆساید بۆ هەتا هەتایە عارە بۆ هەموو ئومەی عەرەبی.

بۆیە با هەموو پێکەوە خۆمان بۆ ئەگەرەکانی بڕیارەکانی 5-11 دادگای باڵای تاوانەکان لەسەر تاوانی دوجەیل ئامادە بکەین، بە ناڕەزایەتی سەرانسەری ڕێگا بگرین لەبەردەم ئەو ئەگەرانەی تاوانکاران لە هەمبەر هەموو تاوانەکانیان دادگایی نەکرێن، ئیعدامکردنی سەدام و هاوکارانی لەپای تاوانی دوجەیل گەورەترین سوکایەتییە بە کورد، بە قوربانیان، بە ڕابردوو و بە داهاتوومان، بۆیە دەبێت هەموو پێکەوە پێشی پێبگرین.

تێبینی: ئەگەر هەڵەیەك هەبێت لە دیاریکردنی ڕۆژی 5-11 داوای لێبوردن دەکەم.